Nuwê Âwaî

خاوەن ئیمتیاز : ئۆرگانی ڕاگەیاندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

سەرنووسەر: محەممەدی خۆشچێهرە / https://www.facebook.com/mkhoshchehreh

Tel: 00964 770 8659259

هیوای نوێ لە سەر ئەم ماڵپەڕە بخوێنەوە: www.ydkurd.com

Email: ydkurd@gmail.com

# ئایا ئەوروپا شەریك و پشتیوانێكی جێگای متمانەیە بۆ ئێران؟



هاوار مۆدەبێر

پەندێکی کوردی هەیە کە دڵێت هەم خوای دەوێت هەم خورما، ئەم پەندە بۆ حیکایەتی هەڵوێستی ئەم دواییەی یەکێتی ئەوروپا لە بەرانبەر بڕیارەکەی ترامپ بۆ کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران و دەرچوون لە بەرجام دەبێت کە ئەوروپا هاوکات کە لە گەڵ ئامریکایە لە هەمانکاتدا پاڵپشتیی خۆی بۆ مانەوەی بەرجام و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی لە گەڵ ئێران دەربڕیوە.

وەزیری دەرەوەی ئێران دوای ئەوەی کە سەرۆککۆماری ئامریکا، دۆناڵد ترامپ، لە ڕێککەوتنی ئەتوومی، یەکلایەنە چووە دەرەوە، بە پەلە خۆی گەیاندە ئەوروپا و لە گەڵ وڵاتانی ئەورووپی کۆ بووە کە بتوانێت گەرەنتی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی بە ناوی بەرجام وەرگرێت و بۆچوونی ئەوروپا سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە و جێبەجێکردنی مادە و بڕگەکانی نێو ڕێککەوتنەکە بزانێت، دوابەدوای ئەو سەردانە، ڕێبەرانی ٢٧ وڵاتی ئەوروپا لە سۆفیا کۆبوونەوە و هەموویان پێداگریان لە سەر هاوهەڵوێستییان کردەوە لە سەر ڕێککەوتنەکەی ئێران مادام کە ئێران پابەندە بە ریککەوتنەکە ئەوانیش هەموو هەولێک بۆ پاراستنی دەدەن.

بە بڕوای زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی، ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و مانەوەی ئەوروپا لە نێو ڕیککەوتنەکە، بەشێک لە ململانێکی قووڵتر و فراوانتری ئامریکا و یەکێتی ئەوروپایە، دۆناڵد ترامپ بە درووشمی گەڕاندنەوەی هیز و شکۆ بۆ ئامریکا هاتووەتە سەر دەسەڵات و باوەڕیشی بەوەیە کە لە سیاسەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ و نەترسانە بە ڕێگەی گوشار و پێگەی بەهێزی ئابووریی ئامریکا دەتوانێت ئەو درووشمە بپێکێت، لە بەرامبەردا، یەکێتی ئەوروپا و تایبەت سێ وڵاتی ئاڵمانیا و فەرانسا و بریتانیا، بە هۆی دڵنگەرانیان لە سیاسەتە بازرگانی و باجەکانی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ، نایانەوێت کارتەکانیان بەرامبەر بە هاوسەنگی هێز و پێگەی ئابووریان لە گەڵ ئامریکا لە دەست بدەن. ڕیککەوتنی ئەتۆمیەکەی ئێران، کارتێکی بەهێزە بە دەستی ئەورووپاوە کە بتوانیت لە یاریە جیهانیەکان و تایبەت یاری نێوان ئامریکا و یەکێتی ئەوروپا بە کاری بێنێت بۆ ئەوەی کە چەندین ئامانجی سیاسی و ئابووریی پێ بپێکێت.

یەکێک لەو ئامانجە سیاسییانەی کە یەکێتی ئەوروپا بە دوایوەیەتی، هاوشانبوونیەتی وەک جەمسەرێکی بەهێزی سیاسی لە ئاستی سیاسەتی نێونەتوەیی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، چوون سیاسەتە تاک لایەنەکانی ترامپ، جۆرێک لە پەراوێز و بە لاوەنانی یەکێتی ئەوروپا وەک جەمسەرێکی بەهێز و وەک شەریکێکی هاوشان و هاوپلە لە کاریگەری دانان لە سەر سیاسەتی جیهانی، ئەژمار دەکرێت. ترامپ بە بێ گوێدان بە یەکێتی ئەروپا کە شەریکێکی مێژوویی ئەو وڵاتەیە لە ئاستی ڕووداوە جیهانیەکان، یەکێتی ئەوروپای نیگەران کردووە و یەکێتی ئەوروپا بە ڕاگەیاندنی پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران لە بەرامبەر دەرچوونی تاک لایەنەی ئامریکا، جۆرێک هەڵوێست نواندنە لە ئاستی گەیاندنی نیگەرانیەکان و عاجزیەکانی بۆ ئامریکا و وەک پەیامێکی سیاسی بەکاری هێناوە کە ئامریکا دەبێت پابەندی هاوبەشیە مێژوویەکانی لە گەڵ یەکێتی ئەوروپا بێت.

دووهەم ئامانجی ئەورووپیەکان، بەکارهێنانی کارتی ڕێککەوتنی ئەتۆمیە بۆ گوشار خستنە سەر ئامریکایە کە شەڕی بازرگانی و ئابووری لە گەڵ ئەوروپا نەکات و باج لە سەر هاوردەکردنی پۆڵا و ئەلمینیۆمی ئەوروپا دانەنێت، پێداگری ئێستای ئەورووپیەکان لە سەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران، هەڵوێست گرتنە بەرانبەر بە گوێنەدانی ئامریکا بۆ داخوازییەکانی ئەوروپا لە سەر لابردنی باج لە سەر کاڵاکانیان. دۆناڵد ترامپ لە سەر هەڵوێستی خۆی بۆ سەپاندنی باج لە سەر هاوردە کردنی پۆڵا و ئەلمینیۆمی ئەوروپا سوورە و خستوویەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە بەرانبەردا یەکێتی ئەوروپا شەڕی بازرگانیی بەرانبەر بە ئامریکا گرتووەتە پێش کە ئەویش سەپاندنی باجە بە سەر هەندێک کاڵای هاوردەی ئامریکایی، بەڵام ئەو شەڕە بازگانیەی ئەورووپیەکان بەرانبەر بە ئامریکا لە ئاستێکی زۆر کەمدایە، بۆ پاڵپشتی لە شەڕە بازرگانیەکەیان، کارتی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران، یارمەتیدەرێکی سیاسی و ڕاوایەتیی نێودەوڵەتیش دەبێت، لە هەمان کاتیشدا، ئەوروپا چاوی لە بازاڕی ئێرانیشە و کۆمپانیا نەوتی و پیشەسازییە ئۆتۆمبیلییەکانی ئەوروپا، سەرمایەگۆزارییان لە ئێراندا کردووە کە دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە چوونەتە ئێران، بەڵام گەر ریککەوتنەکە هەڵبووشێتەوە و ئامریکا سزاکانی سەر ئێران توندتر بکات ئەورووپیەکان زەرەر دەکەن و بازاڕی ئێران لە دەست دەدەن کە نایانەوێت لە دەستی بدەن هەر بۆیە بە توندی هەڵوێستیان نواندووە و بە دوای ڕێگە چارەیەکدا دەگەڕێن کە سزا ئابووریەکانی ئامریکا، کۆمپانیاکانی ئەوان نەگرێتەوە.

قەوارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانی ئەوروپا و ئامریکا لە ئاستێکی زۆر فراوان دایە کە قەوارەی بازرگانی نێوان ئێران و ئەوروپا دەشارێتەوە و لە سەدا نێزیک بە یەک و نیوی بازرگانی نێوان ئەوروپا و ئامریکایە، لە لایەکی ترەوە، ئەوە دەوڵەتە ئەورووپیەکان نین کە سەرمایەگوزاری لە ئێران دەکەن بەڵکوو کۆمپانیاکانی ئەوروپاییە کە بەشیکی زۆری سەرمایەکانیان لە وڵاتی ئامریکایە و گەر ئامریکا گەمارۆ بخاتە سەر کەرتی ئابووری وسەرماگوزاری لە ئێران ئەوە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان نین کە تووشی سزا دەبن بەڵکوو کۆمپانیاکانن کە ڕاستەوخۆ دەکەونە بەر تێخی سزاکان و سەرمایەکانیان دەقرتێت، هەر بۆیە لە یەکەم کاردانەوەکاندا کۆمپانیا ئەورووپیەکان ڕایانگەیاندووە کە ناتوانن لە بازاڕی کار و سەرمایەی ئێراندا بمێننەوە گەر یەکێتی ئەوروپا نەتوانیت پێش بە سزاکانی ئامریکا بگرێت و ناچارن کە بازاڕەکانی ئێران جێبهێڵن. یەکێتی ئەوروپایش وەک کارت لە ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران بەرانبەر بە ئامریکا دەڕوانێت. لێرە پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئایا ئەوروپا شەریک و پشتیوانێکی جێگای متمانەیە بۆ ئێران؟

## پرسەنامەیەك بە بۆنەی کۆچی دوایی كاك ئادل مورادعادل موراد

**بە بۆنەی کۆچی دوایی عادل موراد، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی و سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، پرسەنامەیەك ئاراستەی یەکێتی نیشتمانی دەکات.**

مەکتەبی سیاسی

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

ئەندام و کادیر و هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بنەماڵەی کاک عادڵ موراد

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک عادڵ موراد، سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی و ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بیست، وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، بە داخەوەین بۆ کۆچی دوایی ئەو سەرکردە و شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە دێرینەی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان کە تەمەنی خۆی لە ڕێگای بە دیهاتنی ئامانجە ڕاواکانی نەتەوەکەی بەخت کرد، کۆچی دوایی ئەو سەرکردەیە خەسارێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد و بە بەرزی و شکۆمەندی یادی لە دڵی گەلی کورددا دەمێنێتەوە، لێرەوە خۆمان بە هاوخەمتان دەزانین و پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

18/5/2018

### درێژەی سەروتار

خەڵک دەبێت و خەڵک زیاتر هەژارتر دەبن و ژیان تەنگیان پێهەڵدەچنێت چون ئەوە دەسەڵاتدارانن کە سەروەت و سامانی فراوانیان لە بەردەستایە بەڵام زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێران لە دەرئەنجامی سیاسەتە هەمەجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی، تووشی هەژاری و بنەبڕبوونی سەروەت و سامان بوون.

دەرئەنجامێکی تری تێکچوونی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، تۆندئاژۆکانی نێو دەسەڵات و هەروەها دەسەڵاتی سوپای پاسداران زیاتر و فراوانتر دەبێت، چونکوو ئەو ڕەوتەی کە شکستی هێنا لە ڕێککەوتنەکە ڕەوتی ڕیفۆرمخواز و مەیانەڕەو بوو کە پەرۆشی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و وا بۆی دەچێت کە ڕژیم لە لێواری هەرەسهێنانی ناوخۆییە و ڕووبەڕووی قین و تۆڵەی خەڵک دەبێتەوە کە هەروایشە، بۆ ئەوەی کە ئەو هەرەسهێنانە پێشی پێبگیردرێت، سوپای پاسداران بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە یارمەتی توندئاژۆکان جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی و ڕێبەرایەتی وڵات بگرێتە دەست کە دیارە چ ئاکامێکی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە و کەشی وڵات ڕوو لە سەربازی و ئەمنییەتی بوون دەبات کە دیسان لە زەرەری گەلان و خەڵکی هەژاری ئێرانە.